# ڕاگەیاندنی کۆمەڵەی هاوبیرانی کوردایەتی

سەبارەت سەربەخۆیی باشووری کوردستان

***

ئاشکرایە، زۆر لە دەوڵەتانی جیهان، لەهەلی بەرپابوونی شەڕێکدا دروستبوون، شەڕ بەهەموو جۆرەکانیەوە: جەنگ، ڕاپەڕین، شۆڕش، کودەتا، ئاژاوەو...هتد.

ئەو شەڕەی ئێستەی نێوان سوننەو شیعە لە عێراقدا، هەلێکی زێڕینە بۆ جاڕدانی سەربەخۆیی باشووری کوردستان بە ناوچە داگیرکراوەکانیشەوە کە ئێستا هێزی پێشمەرگە تیایاندا جێگیربوە.

سەربەخۆیی، وەک مافێکی ڕەوای هەر نەتەوەیەکە بەێ هیچ قەیدو مەرجێک، ئێستە ئەم پاڵپشت و هەلومەرجانەش بۆ سەربەخۆیی باشووری کوردستان لە ئارادایە:

1-بوونی قەوارە سیاسییەکەی باشووری کوردستان بە توانایەکی ئابووریی بەهێزەوە، بەتایبەتی دوای هەناردەکردنی نەوت و کڕینی لە بازاڕی نێودەوڵەتیدا.

2-بوونی کۆمپانیە زەبەلاحەکانی نەوت لەباشووری کوردستاندا کە تا ئێستا ملیارەها دۆلاریان خەرجکردوە بۆ دەرهێنانی نەوت و گازو لەبەرژەوەندییاننیە لەبەر چاوی ڕەشی عەرەب ڕەنجبەخەسار بن! ئاشکرایشە سیاسەی وڵاتانی سەرمایەداری، تا ڕادەیەک، لەسەر پەنجەی ئەو کۆمپانیایانە ئەسووڕێ.

3-هەر لەئێستاوە هەندێ دەوڵەت ئامادەیی خۆیان پیشانداوە دانبنێن بە سەربەخۆیی کوردستاندا.

4-هیچ کاتێک ئەوەندەی ئێستە یەکدەنگی لەناو ڕیزەکانی نەتەوەکەماندا نەبوە بۆ سەربەخۆیی.

5-ئێستە، وەک جاران، یەکێتیی خاکی عێراق، لەبەرژەوەندیی زلهێزەکانی دنیا نەماوە.

6-ئەو شەڕوئاژاوەیەی نێوان شیعەو سوننەی عێراق، لەلایەک هەردوو لایانی شەکەت و لاوازکردوەو توانای شەڕکردنیانی بڕیوە لەگەڵ کوردا، لەلایەکیترەوە ئەوهەلەیانداوە بە خەڵکی کوردستان (کوردو هەموو کەمینەکان، بەتایبەتی تورکومان و مەسیحیەکان) کە بەناوی خۆپاراستنەوە لەو شەڕە، سەربەخۆیی کوردستان ڕابگەیەن.

7-بڕینی قووتی خەڵکی، بەتایبەتی بووجەو مووچە لە کوردستان و چاوبڕینە بیرە نەوتەکانی هەرێمیش سەرباری نەوتەکەی بابە گوڕگوڕ کەهەمووی مڵکی سرفی خەڵکی کوردستانە، هۆکارێکی یاسایی و ویژدانییە بۆ جیابوونەوەمان لەعێراق. ئەوانە سەرباری تاقیکردنەوەی 90ساڵی ڕابوردوومان کە سەلماندی ئەنجامی پێکەوەژیانمان لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان، هەر کۆیلەکردن و بەکۆمەڵ کوشتنمان و تالآنکردنی سامانی سەرزەوی و ژێرزەویی نیشتمانەکەمانەو بەڵێنەکانی کۆمەڵی گەلان (عصبەتول ئومەم)

بۆ ئۆتۆنۆمی لە رابوردوودا و گەمەی فیدراڵی و درۆی ماددەی 140 لەئێستادا، لە تەفرەدان بەولاوە چیترنین. هەرکاتێک دەستیانڕۆیشت، بێشەرمانە لێی پەشیمانن!

بۆیە داوا لە پەرلەمان و حکوومەتی هەرێم و ئەنجومەنی پارێزگای ناوچە داگیرکراوەکان، بەتایبەتی هی کەرکوک، ئەکەین، ئەم هەلەش وەک هەلەکانی پێشتر لەدەستنەدەن و جاڕی سەربەخۆیی باشووری کوردستان بدەن. ئەرکی حکومەتی هەرێمیشە، هەرچی زووترە، هێزی پێشمەرگە پڕچەکی مۆدێرن بکا، بەتایبەتی فڕۆکەو کۆپتەری جەنگی و چەکی دژە ئاسمانی، ئەویش لە ڕێگەی بەرنامەیەک بەناوی (نەوت بەرامبەر بە چەک)ەوە کە لەبەرژەوەندیی کوردو زۆرێک لە دەوڵەتانی بەرهەمهێنەری ئەو جۆرە چەکانەیەو هەمیشە بە وێن بازاڕی فرۆشتنی چەکەکانیاندا ئەگەڕێن و ئامادەن ڕاهێنان و مەشقی لاوانی کورد بکەن لەسەر ئەو چەکانە.

ئێمەی هاوبیرانی کوردایەتیش ئامادەیی خۆمان پیشانئەدەین بۆئەوەی هەموو هێزو توانایەکی خۆمان لەو پێناوەدا بەختبکەین. ئەوەش ڕائەگەیەنین کە کشانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە لەناوچە داگیرکراوەکانی باشووری کوردستان، بە فەرمانی هەر کەس و لایەنێکی ناوخۆیی یا دەرەکی و بەهەر بیانوویەک، ناپاکییەکی نیشتمانیی و نەتەوەییەو ڕسوابوونە لەبەردەم هێزەکانی پێشمەرگەو جەماوەری گەلدا.

سەرکەوتووبێ خەباتی نەتەوەکەمان لە پێناوی ئازادی و سەربەخۆییدا.

کۆمەڵەی هاوبیرانی کوردایەتی

باشووری کوردستان 2014/6/16